# کلتوری گڵێنەی زاگرۆسی لە چاخی ئاسنی یەکەم (۱۲۰۰- ۸۰۰ پ.ز.) لەبەر ڕۆشنایی کنەوپشکنینەکانی نشینگەی دینکە لە دەشتی پشدەر

**هێرۆ صالح ئەحمەد، عبدالله بکر عثمان**

بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.


**پوختە-** گڵێنە بە یەکێک لە گرنگترین پاشماوە شوێنەوارییەکان دادەنرێت کە لەسەر ڕووکاری هەموو گرد و پێگە شوێنەوارییەکان دەدۆزرێتەوە، پشتی پێدەبەسترێت بۆ دیاری کردنی سەردەمی ناوچە و چینە شوێنەوارییەکان. پیشەسازی گڵێنە ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی شارستانییەتی گەل و هۆزە پێشینەکانە. ناوچەکانی زاگرۆس کە بەلانکەی سەرهەڵدانی شارستانییەتە یەک لەدوای یەکەکانی مێژوو دادەنرێت، مەڵبەندی گەشەکردن و پێشکەوتنی پیشە جۆربەجۆرەکان بووە، کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی دینکە لەناو دڵی پێدەشتەکانی زاگرۆسدا هەڵکەوتووە، دانیشتوانە ڕەسەنەکەی پێشەنگ بوون لە پیشەی کانزاکاری و گڵێنەسازیدا، پیشەوەر و گڵێنەسازەکانی لێهاتوو شارەزا بوون لە هەڵبژاردنی جۆری گڵ و تەکنیک و شێوازی دروستکردنی گڵێنەکاندا، کەلوپەل و پێداویستیە گڵێنەییەکانیان لەسەر خواست و داواکاری دانیشتوانی نشینگەکە دروست کردووە. هەرچەندە ناوچەی دەشتی پشدەر دەورە دراوە بە زنجیرە چیای بڵند، و بە ناوچەیەکی داخراو دادەنرێت، بەڵام لێکچوونێکی زۆر دەبینرێت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی زاگرۆس بە تایبەتی خۆرهەڵاتی زاگرۆس لە ڕووی گڵێنەسازی و بیناسازی و تەنانەت پیشەی کانزاکاریشەوە، لە ڕێگەی چەندین دەربەند و دەروازەی سروشتییەوە هاتوچۆ بۆ ناوچەکانی دیوی خۆرهەڵاتی زاگرۆس ئاسانبووە.

**کلیلە ووشەکان-** شوێنەواری دینکە، دەشتی پشدەر، زاگرۆس، کنەوپشکنین، گڵێنە، چاخی ئاسن.

## پێشەکی:

### جوگرافیا و مێژووی دەشتی پشدەر لە ماوەی چاخی ئاسندا:

ناوچەی پشدەر ''پشتی دەروازە'' (ئەحمەد, 2007, لاپەڕە 41) ئەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و ناوەندی بەڕێوەبردنی قەزاکەش شارۆچکەی قەڵادزێیە (Radner, Kreppner, & Squitieri, 2016, p. 11). ئەو ناوچەیەی تێیدا هەڵکەوتووە بە هەرێمی چیا سەخت و پێچ ئاڵۆز و بەرزەکان ناسراوە کە، چەندین بەرزایی و لوتکەی سەرکەش و بڵند لەخۆدەگرن، لای باکور و خۆرهەڵاتییەوە زنجیرە چیاکانی قەندیل و مامەندە و زەرتکە بوونەتە سنوری سروشتی لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق (ناصر, 2016, لاپەڕە 36). لە لای خۆرئاوایەوە زنجیرە چیای ئاسۆس و کێوەڕەش هەیە لە ڕێگەی دەربەندی ڕامکانەوە کە ڕووباری زێی پێدا تێپەڕ دەبێت لە یەکتر دابڕاون، هەردوو کێوەکە بەربەستێکی سروشتین لە نێوان هەردو دەشتی ڕانیە و پشدەردا (Louis, 1973, p. 9). لە نێوان زنجیرە و لوتکە بەرزەکاندا چەندین دۆڵ و نزمایی قوڵ هەڵکەوتوون، کە بە ئاڕاستەی دەشتی پشدەر شۆڕ دەبنەوە، زۆربەیان دەبنە ئاوزێڵی ڕووبار و چەم و بەفراوی چیاکان (ناصر, 2016, لاپەڕە 38). هەندێک لەم دۆڵانە دەرچەو ڕێگای هاتووچۆی خەڵک و سوپاکان بوون لە سەردەمە کۆنەکاندا (Louis, 1973, p. 9). لە دامێنی زنجیرە چیاکانی لای خۆرهەڵاتەوە کۆمەڵێک گرد و تەپۆڵکەی لەیەک دابڕاو هەن بەشێوەی پشتێنەیەکی باریک لە باشوری خۆرهەڵاتی شاری قەڵادزێوە درێژ دەبنەوە بە ئاڕاستەی باکوری خۆرئاوا و بەرزییەکانیان کە نێوان (۷۰۰-۸۵۰ م) دایە (ناصر, 2016, لاپەڕە 38)، و دەشتی پشدەر لە دامێنی ئەم گرد و تەپۆڵکەکاندا هەڵکەوتووە، و شێوەیەکی کەوانەیی هەیە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (۳۵۰ کلم$^{2}$) دەبێت (Radner, Kreppner, & Squitieri, 2020, p. 243).




مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp143-153
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 حزيران 2025؛ قُبل في 17 أب 2025؛ نُشرت في 12 أيار 2026؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: hero.ahmed@su.edu.krd, abdullah.othman@su.edu.krd
حقوق الطبع والنشر@ هێرۆ صالح ئەحمەد، عبدالله بکر عثمان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(نەخشەی ژ.1): قەڵاتی دینکە و پێگە شوێنەوارییەکانی دیکەی سەردەمی چاخی ئاسن لە دەشتی پشدەر و بتوێن و شارەزوور و خۆرهەڵاتی زاگرۆس (ئامادەکردنی: توێژەر)

بەدرێژایی هەزارەی دووەمی پێش زایینی ناوچەی دەشتی پشدەر مێژوویەکی ناڕوونی هەیە لە ڕووی کاروباری سیاسییەوە، چی لە تۆمارە مێخییەکانی دەوڵەتی ئاشوریدا بێت یاخود لەو نوسراوە دەگمەنانەی کە فەرمانڕەوا خورییەکان لەدوای سەرکەوتنیان لە جەنگەکاندا دژی یەکتر، تۆماریان کردووە. ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە بە گشتی و دەشتی ڕانییە بە تایبەتی زۆر جێی سەرنجی ئاشورییەکان بووە، بەو پێیەی کە دەشتێکی بە پیتی کشتوکاڵی هەیە، لە کاتی کۆنترۆڵکردنیدا سەرچاوەی داهاتێکی زۆری کەرەستەی خاو و ئەسپ و دانەوێڵە بووە (Dezsö, 2021, p. 12; Marriott & Radner, 2015, pp. 127-139). لە سەدەی (١٣) پ.ز. قەڵەمڕەوی ئاشورییەکان گەیشتۆتە دامێنی خۆرئاوای چیاکانی زاگرۆس (Tenu, 2009, p. 163)، تا سنوری کێوە ڕەش و چیای ئاسۆس بووە و نەگەشتوونەتە ناوچەی پشدەر (MacGinnis, Skuldbøl, & Colantoni, 2020, p. 92) هەر لەو ماوەیەدا ئاشورییەکان پایتەختێکی ناوچەییان لە دەشتی ڕانییەدا بنیات ناوە بە ناوی پاکوتێ Pakute، کە پێدەچێت پاشماوەی ئەو شارە لە گردی باسمۆسیاندا بێت کە، دوای دروستکردنی بەنداوی دوکان ژێر ئاو کەوتووە (Eidem, 2018, pp. 30-42)، بەڵام لەدەشتی پشدەر لە سەدەی (١٢) پ.ز. بەدواوە شارێکی گەورەی وەک کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی دینکەی تێدا دەرکەوتووە، دانیشتوانەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سەدە لە ئەوپەڕی ئاسایش و هێمنیدا درێژەیان بە پیشە جۆربەجۆرەکان داوە، بە بێ ئەوەی تا ئێستا بزانرێت لە ڕووی سیاسییەوە سەر بە کام گەل و نەتەوەی خوری بوون؟ بەڵام ئەوە ڕوونە زمانی خوری زمانی ناوخۆی خەڵک و دانیشتوانی زاگرۆس بووە (Radner, 2015, p.195). ناوچەی پشدەر بە پێی نوسراوە ئاشورییەکان لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پ.ز. بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری نوی (Liverani, 2004, p. 218). لەو ماوەیەدا ئاشوریەکان دووشاریان وەکو ناوەندی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و دارای لە دەشتی ڕانییە و پشدەر دروستکردووە بەناوەکانی (خارانی و ئانیسو) بە پێی (لانفیرانچی) بۆ شوێنەواری ئانیسو دەبێت دەشتی پشدەر و بۆ خارانی دەشتی ڕانییە بگەڕێین (Lanfranchi, 1995, pp. 135-136).

### هەڵکۆڵینەکانی کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی دینکە:

پڕۆژەی دەشتی پشدەر ئەکەوێتە نزیک گوندی نورەدین، (٣ کلم) باشوری خۆرهەڵاتی شارۆچکەی قەڵادزێ لە دەشتی پشدەر (Squitieri, The Sasanian Cemetery of Gird-I Bazar in the Peshdar Plain (Iraqi Kurdistan), 2020, p. 3). (٣٠ کلم) لە خۆرئاوای ڕەبات تەپەوە دووره کە شارێکی گرنگی مانناییەکان بووە لە سەدەی نۆیەمی پ.ز. (Kagar & Binandeh, 2009, pp. 113-119)، لە ساڵی ٢٠١٥- ٢٠٢٣ بۆ ماوی (١١) وەرز کاری کنەوپشکنێن لەم ناوچە کراوە، لەلایەن تیمی هاوبەشی زانکۆی (میونخ- میونستەر)ی ئەڵمانی و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی و ڕاپەڕین. لەبەر ئەوەی تا ئێستا ناوە کۆنەکەی نازانرێت بە شێوەیەکی کاتی بە (کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی دینکە Dinka Settlement Complex "DSC") ناو دەبرێت، کە شارێکی ئاوەدانی درێژخایەنی سەردەمی چاخی ئاسنە. شارەکە ڕووبەری (٦٠ هێکتار)ی لە زەوی دەشتی بۆرە داگیرکردووە (Radner, Kreppner, & Squitieri, 2020, p. 13)، و پێکهاتووە لە قەڵاتی دینکە، کە گردێکی سروشتی بەرزە، و شێوەیەکی کەوانەیی هەیە، و ئەکەوێتە لای باشوری خۆرئاوای نشینگەکەوە. لەسەر ترۆپکەکەیەوە هەموو ناوچەی دوروبەری تا دەربەندی ڕانیە دیارە، وەک خاڵی چاودێری ناوچەکە بەکارهێنراوە، لەلایەکی ترەوە، لە دامێنی خۆرئاوایدا بینایەکی ئاینی دەرکەوت کە لە ژورێکی گەورە و ژوورێکی بچووک پێکهاتووە (Herr & König, 2020, pp. 69-78)، دانیشتوانی شارەکە ڕێوڕەسم و سروتە ئاینییەکانیان تێدا جێبەجێکردووە. لەدەوروبەری ئەم بینا (٩) گۆڕ دۆزرایەوە. گۆڕەکان بەشێوەیەکی زۆر خراپ تێکدرابوون، لەگەڵ مردووەکاندا ژمارەیەکی زۆر خشڵ و کەلوپەلی جوانکاری لە زێڕ و برۆنز و عاج دروستکراو تەنانەت مۆری لولەیش نێژراون (Rohde & Tretow, PPPP, 2020, pp. 61-62; Richter & Ahmed, 2020; Herr & König, 2020; Palmisano & Pietsch, 2020) هەموو گردۆلکەکانی بەشی خۆرهەڵاتیشی، گردی بازاڕ DLT1، نشینگەی خوارووی دینکە DLT2 وە DLT3، تەواوی نشینگەکە پێکدەهێنن.




(وێنەی ژ.١): کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی دینکە، لەگەڵ ئەنجامی ڕووپێوی جیۆفیزیک، وەرگیراوە لە (Radner, Kreppner, & Squitieri, 2020).

ڕووباری (زێی بچووک Lesser Zab) کە لە کۆنیشدا وای پێوتراوە (ئەحمەد, 2007، لاپەڕە 27) بە باشوری دەشتی بۆرەدا تێپەڕ دەبێت و لەلای دینکەوە لاردەبێتەوە و بە دامێنی خۆرهەڵاتیدا گوزەر دەکات (Altaweel & Marsh, 2016, p. 26)، پاشان لە دەربەندی ڕامکانەوە دەڕژێتە ناو دەشتی بتوێن، لەوێدا و لە نزیک شارۆچکەی دوکان بەنداوی دوکانی لەسەر دروستکراوە. زێی خواروو بەناو شارۆچکەی دوکاندا و بەردەوام بە ئاراستەی باشوری خۆرئاوا تێپەڕ دەبێت، پاشان بەدووری نزیکەی (٣٠ کلم) لە باشوری قەڵای شەرقات (شاری ئاشوری کۆن) دەڕژێتە ناو ڕووباری دیجلەوە (Kreppner, Radner, & Squitieri, 2021, p. 74)، سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی بەردی بناغەی خانووەکان بووە، لە هەمان کاتدا ڕێڕەوێکی گرنگە کە ناوچەکانی خۆرهەڵتی زاگرۆس دەبەستێتەوە بە خاکی میسۆپۆتامیاوە و ڕەنگە وەک ڕێڕەوێک بۆ ناردنی کەرەستەی خاو و دار و تەختە بەکارهێنرابێت بۆ بۆ ناوچەکانی میسۆپۆتامیا (Radner, Kreppner, & Squitieri, 2021).

بەشێوەیەکی گشتی هەموو بەشەکانی شارەکەی دینکە بە پلانێکی ڕێکوپێک دروستکراوە، بناغەی خانووەکان بە بەردی قەبارە جیاواز دروستکراون، کە بە پێی قەبارە و ئەرکی بینا و خانووەکان دەگۆڕێت، بەشی سەرەوەی دیوارەکان بە خشتی سورنەکراوە دروستکراون و بنمیچەکانیان بە دار و قامیش و زەل گرتووە و پاشان بە قوڕ سواقیان داوە. دیوارەکان ڕاستەوخۆ لەسەر زەوی سروشتی بنیاتنراون، و زەوی ژوورەکان بە زۆری لە قوڕی سواقدراوە، بەڵام هەندێکیشیان بە بەردی پان و تەخت یان وردە بەرد ڕووپۆش کراون، جۆری زەوییەکان پەیوەندی بە ئەرکی ژوورەکانەوە هەیە، بۆ نمونە گردی بازاڕ کە پێکهاتووە لە گردۆلکەیەکی ماتی بچووک، ئەکەوێتە

سوچی باکوری خۆرهەڵاتی نشینگەکە (Geraud, 2016, p. 29)، وەک کارخانەی دروستکردنی گڵینە بەکارهێنراوە و بەشێکی زۆری گڵینەی شارەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، زۆربەی ژوورەکانی بە بەرد ڕووپۆش کراون بۆ ئەوەی لەکاتی ئامادەکردنی قوڕدا قوراوێکی زۆر کۆنەبێتەوە لە ناو ژوورەکاندا (Bartl, 2018, pp. 92-95). هەموو خانووەکان بە کۆڵان و شەقامی باریک و هەندێک جار فراوان لەیەک جیاکراونەتەوە. سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆی بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێکخراو بۆ دانراوە بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەرکی خانووەکاندا بگونجێت، لەگەڵ هەبوونی چەندین بیر لە بەشە جیاوازەکانی نشینگەکەدا. قەبارەی بینا و خانووەکان جیاوازن هەندێکیان بچووکن و لەیەک ژوور و حەوشەیەک پێکدێن، بەڵام هەشیانە نزیکەی (٧٠٠ م٢) ڕووبەرەکەیەتی وەک بینای L لە DLT2 کە لە حەوشەیەکی فراوان و چەندین ژووری گەورە و بچووک پێکهاتووە.

مێژووی نشینگەکە بە پێی شیکردنەوەی (کاربۆن ١٤) لە (١٢٠٠) پ.ز. دەست پێدەکات تاکو (٩٣) پ.ز.، بەڵام دانیشتوانی نشیگەکە تاکو سەدەی حەوتەمی پ.ز. لەوێدا ژیاون و پاشان هەموو کەلوپەلە بەنرخەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە و کۆچیان کردووە بۆ ناوچەیەکی دیکە. زۆربەی ئەو نمونانەی کە لە تۆوی دانەوێڵەوە وەرگیراون و لەسەر زەوییەکانی گرد بازاڕ و DLT2 هەڵگیراونەتەوە مێژووی بیناکە بۆ سەردەمی ئاسنی II و III ئەگەڕێننەوە، بەڵام یەکێک لە گۆڕەکانی تەنیشت نزرگە ئاینییەکەی سەر قەڵاتی دینکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆتایی هەخامەنشی و هێلێنستی (سەردەمی سلوکی و ئەشکانی) (٣٥٥- ٩٣ پ.ز.)، و هەروەها لەناو یەکێک لە بیرەکانی گردی بازاڕدا ژمارەیەک ئێسکە پەیکەری مردووی تێدا دۆزرایەوە کە شیکاری کاربۆن ١٤ بۆ یەکێک لە ئێسکی مردووەکان ئەنجامدرا و مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان (٧٤٨-٤٠٩ پ.ز.)، کە ڕەنگە شاردنەوەی مردووەکە لەو بیرەدا ماوەیەکی کەم دوای چۆڵکردنی نشینگەکە بوو بێت. هەروەها، لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا گردی بازاڕ وەک گۆڕستان بەکارهێنراوە، کە پاشماوەی گۆڕەکان بە دەیان گۆڕ مەزەندە دەکرێت، لەگەڵ سەکۆیەکی بەردین کە لەوانەیە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی مردووەکاندا بەکاریان هێنابێت (Kreppner, Radner, & Squitieri, 2021, pp. 76-77).

## پیشەی گڵینەسازی لە نشینگەکە:

لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا گڵینەسازی یەکێک بوو لە پیشە هەرە باو و گرنگەکان، کە لە بەرهەمهێنانیدا سەرچاوەی گڵ، کات و وزەی پێویست زۆر گرنگ بوو، لە لایەکی ترەوە پیشەی گڵینەسازی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکیدا (Roux, 2019, pp. 283-292). زۆربەی کات کەلوپەلە گڵینەییەکان لە ڕێگەی بازرگانییەوە ئاڵوگۆڕیان پێکراوە، جا لە بری شمەک وەرگیرابێتن یاخود بە پارە ساغ کرابێتنەوە. سروشت و جوگرافیا پێکەوە زەمینەیەکی لەباریان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە ڕەخساندووە کە لە پاڵ پیشەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کانزاکاریدا گڵینەسازی بکەنە پیشەی سەرەکیان (Squitieri, Herr, & Amicone, 2022, p. 2). دەشتی بۆرە کە نشینگەکەی لە دڵیدا هەڵگرتووە دەورەدراوە بە زنجیرەک گردۆڵکەی لەیەک نەپچراو، کە خاکەکەی دەوڵەمەندە بە چەندین کانزا و بەردی بەنرخ، ئەمە جگە لەوەی سەرچاوەیەکی باشی کەرەستەی خاوی گڵە کە زۆر گونجاوە بۆ دروستکردنی گڵینە (Amicone, 2018, p. 167; Ali, 2017) . جگە لەوەی سەرچاوەی گڵی بەدەستهاتوو نزیکە لە نشینگەکەوە و بە ئاسانی دەتوانرا بگوێزرێتەوە بۆ کارخانەکانی بەرهەمهێنانی گڵینە کە خاڵێکی گرنگ بووە بۆ گڵینەساز تاکو بە کاتێکی کەم و کەمترین ماندووبوون بڕی پێویست دەستەبەر بکات. هەروەها ڕووباری زێ سەرچاوەیەکی باش بووە بۆ بەدەستهێنانی بڕی ئاو، هەرچەندە لەناو چەندین خانوو و بینای نشینگەکەشدا بیر هەبووە کە هەندێکیان تەنها چەند مەترێک قوڵ بوون، بەڵام لەهەمان کاتدا بیرێک لە (گۆڕەپانی ٧) لە گردی بازاڕ دۆزرایەوە قوڵییەکەی (٧ م)ە (Rohde, 2018, pp. 70-73). لە لایەکی ترەوە ناوچەکە فراوانە و بۆشایی و زەوی تەواو لەبەردەستدا بووە بۆ ئەوەی دەفرە تەواوکراوەکانی تێدا وشکبرێتەوە پاشان بخرێنە کورەوە. لە کارخانەی گردی بازاڕ چەندین خێزان بە پیشەی گڵینەسازییەوە خەریک بوون. زۆربەی پێداویستییە سەرەکییەکانیان لەوێ بەرهەم هێناوە بە تایبەتی ئەو کەل و پەلانەی کە بۆ کاروباری ڕۆژانە بەکارهێنراون وەک قاپی خواردن و خواردنەوە، جام، گۆزەی قەبارە بچووک و و مامناوەند و مەنجەڵی چێشتلێنان کە لە سەرەکیترین ئەو کەلو پەلانەن کە لە گردی بازاڕ دروستکراون و دواتر نێردراون بۆ بەشەکانی دیکەی نشینگەکە. ڕەنگە هەندێکیشیان لێ ناردبێتە دەرەوەی نشینگەی خۆیان بەتایبەتی ئەو گوند و شارۆچکانەی کە هاوسەردەم و هاوسنورن لەگەڵ نشینگەکانی دینکە بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڵکۆڵین لە ناوچەکەدا فراوان نییە لەئێستادا زانیاریمان لەبەردەستدا نییە. (نشینگەکەی خوارووی دینکە Dinka Lower Town 2) کە گردۆڵکەیەکی ماتی بچووکە و لە نێوان گردی بازاڕ و قەڵاتی دینکەدایە، سێ بینای گەورەی لێ دۆزرایەوە، کە بە بینای (M, L, K) ناودەبردرێن، لەناو بینای L کە تایبەتە بە کۆگاکردن و هەڵگرتنی دانەوێڵە، چەندین کوپەی گەورەی کۆگاکردن و گۆزەی گەورە دۆزرانەوە کە دڵنیاین ئەم جۆرە کەلوپەلە لە گردی بازاڕ دروستنەکراوە، چونکە هیچ پاشماوەیەکی ئەم جۆرە کوپانە لە گردی بازاڕ نەدۆزرانەوە، بۆیە پێمان وایە گردی بازاڕ تاکە کارخانەی دروستکردنی گڵینە نەبووە لە نشینگەکەدا، بەڵکو کارخانەی تایبەت بە دروستکردنی کوپەی گەورە لە بەشێکی تری نشینگەکەدا هەبووە هەروەک و لە ڕووپیوی جیۆفیزیکدا چەندین هێما بۆ هەبوونی کورە و ئاگردان دەبیندرێت، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵکۆڵین لە هەموو بەشەکاندا نەکراوە تا ئێستا وەکو پرسیار لە هزرماندا ماوەتەوە، لەلایەکی ترەوە کورەکانی گردی بازار قەبارەیان بچووکە و تایبەتبوون بە سورکردنەوەی دەفر و قاپی قەبارە مامناوەند و بچووک، کوپە گەورەکان ڕەنگە لە ئاگردانی کراوەدا سورکرابێتنەوە و پاشان گواسترابێتنەوە بۆ DLT2. وەستا و گڵینەسازەکانی کۆمەڵگای نیستەجێبوونی دینکە زۆر شارەزا و لێهاتوو بوون لە لە هەڵبژاردنی جۆری گڵ، زیادکردنی ماددەی ئەندامی و کانزای (Temper) بۆ قوڕەکە، داهێنەربوون لە هەڵبژاردنی ئاسانترین و باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی گڵینەکانی پێ دروست بکەن، گڵینەکانیان بە ڕێگای لولە و دەست یان لولە و چەرخەی هێواش دروستکردووە. پاشان لێزانانە ڕووی گڵینەکانیان چارەسەر کردووە وەک لوسکردن و سافکردن و ڕووپۆشکردن و سواقدان، کە یارمەتیدەر بوون لە زۆر هێشتنەوەی دەفرەکان لەلایەک و جوانکردن و ڕەونەقدارکردنیان لەلایەکی ترەوە ئەمە جگەلەوەی کە ڕووی هەندێک لە گڵینەکانیان بە چەندین نەخشی ئەندازەیی و ئاژەڵی جۆراوجۆر ڕازاندۆتەوە.

## تایبەتمەندییەکانی گڵینەی زاگرۆسی لە ژێر ڕۆشنایی هەڵکۆڵینەکانی نشینگەی دینکە Dinka Settlement Complex:

گڵینە یەکێکە لەو پاشماوە شوێنەوارییە گرنگانەی کە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی سەردەمی چین و ناوچە شوێنەوارییەکان، لە ڕێگەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی پاشماوە گڵینەییەکانەوە شارەزادەبین لە کلتوری گەل و هۆزە جیاوازەکان (Hegmon, 1998, p. 277)، لەبەر زۆری پاشماوە گڵینەییەکان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە بەکارهێنانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە بۆیە پێناسی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی دەکات لە

ڕابردوودا (Calderbank, 2018, p. 61)، و کارامەیی مرۆڤ لە داهێنان و بەرهەمهێنانی کەلوپەل و پیداویستییەکانیدا بە درێژایی مێژوو لەسەر بنەمای کلتوری کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە (Hegmon, 1998, p. 67) ، بۆیە پاشماوە گڵێنەییەکان ئاستی پێشکەوتن و شازەراییان ئاشکرا دەکات. گڵێنە بەپێی ئەو کلتور و ژینگەیەی تێیدا دروستکراوە یان کات و شوێنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە ڕەنگە تەنها لەو شوێنە یان سەردەمە هەبێت لە تێیدا بەرهەم هاتووە. هەرچەندە ماوەی مێژووی نشینگەکانی دینکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاسن، بەڵام شوێنی نشینگەکە لەناو جەرگەی چیاکانی زاگرۆسدایە، کە سروشت و جوگرافیا بوونەتە ڕێگر لەبەردەم نەتەوەکانی ئەم ناوچە تاکو کلتوری یەکتر بە تەواوی بگوێزنەوە و ئاڵوگۆڕی پێبکەن لە نێوان خۆیاندا. ئەگەر تەماشای گڵێنەی نشینگەکانی دینکا بکەین لێکچوێکی سەد لە سەد نادۆزینەوە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی سەردەمی ئاسن چی لە خۆرهەڵاتی زاگرۆس کە زۆرترین هەڵکۆڵینی شوێنەواری تێدا کراوە یاخود ناوچەکانی دیکە. ئەو شارستانییەتە ناوازە و سەرنجڕاکیشەی لە نشینگەکانی دینکا دۆزراوەتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە (گڵێنەسازی، بیناسازی، کانزاکاری و ....... هتد) دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ هەموو هەڵکۆڵینەکانی داهاتووی ناوچەکە تاکو بەتەواوی شارەزای کلتوری زاگرۆسی ببین لە سەرەتای هەزارەی یەکەم پ.ز..

گڵێنەی نشینگەکانی دینکە بە چەندین تایبەتمەندی دەناسرێنەوە کە تەنها تایبەتن بە ئەم ناوچە، لیرەدا باسیان لێوەدەکەین:

لە ڕووی جۆری قوڕ و پێکهاتەکانییەوە، بە زۆری ماددەی کانزایی لە قوڕەکەدا دەبینرێت، ڕەنگە پەیوەندی بە سروشتی ناوچەکەوە هەبیت، کە لە دەشتێکی بەرتەسک پێکهاتووە کە دەورەدراوە بە زنجیرەیەک گردۆڵکەی دەوڵەمەند بە بەرد و کانزای جۆراوجۆر، یاخود گڵێنەساز خۆی بە مەبەست ماددەی کانزایی زیاتری بۆ قوڕەکە زیاد کردووە، هەرچەندە ڕێژەیەکی کەم کەلوپەلیش دۆزراوەتەوە کە قوڕەکەیان ماددەی ئەندامی بە ڕێژەی جیاواز تێدایە، بەڵام بە بەراورد بە ماددەی کانزایی ئەم جۆرە گڵێنانە ژمارەیان کەمترە. لە ڕووی تەکنیکی دروستکردنەوە، گڵێنەکان بە زۆری بە دوو ڕێگا دروستکراون، کە ڕێگای لولە و دەست، لولە و چەرخەی هێواشن، ئەم جۆرە ڕێگەیە زۆر بڵاو بووە لەم ناوچە لەسەردەمی چاخی ئاسندا.

لە ڕووی تەواوکردن و ئەو چارەسەرانەی کە بۆ گڵێنەکان ئەنجام دراوە، دەبینین ڕووکاری گڵێنەکان بە ئاستێکی بەرز سافکراون، تەنانەت هێڵ و شوێنەواری بەکارهێنانی ئامێری سافکردنەکە زۆر تایبەتە، ئاستی لێوار و بەشی سەرەوەی گڵێنەکان بە شێوەیەکی ئاسۆییە و بەشی خوارەوەی بە شێوەیەکی ستونی یان چەماوەیە، قاپەکان ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەشیان سافکراوە (Burnished) بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش. ڕێگای داتاشین/ ڕنین Planing بۆ ناوەوەی گۆزە قەبارە مامناوەندەکان و بچووکەکان بووە بە تایبەتمەندییەکی دیار بۆ گڵێنەی ئەم نشینگە، لە لایەکی ترەوە ڕێگای خزاندن (Sliping) بە ڕەنگی ڕەش یان تاریک تەنها لەم ناوچە دەبینرێت، هەروەها ڕێگای ڕوپۆشکردن (Barbotine) بە دوو ڕەنگی جیاواز (سور و قاوەیی) لێزانی و داهێنانی وەستا گڵێنەسازەکانی نشینگەکانی دینکە نیشان دەدات.

لە ڕووی شێوە و جۆری کەلوپەلەکانەوە، قاپە باوەکان و گۆزە گەورەکان کە بۆ هەڵگرتن و کۆگاکردن بەکارهاتوون زۆر تایبەتن، نەخش و نیگارە جۆراوجۆرەکانی سەریان زیاتر تایبەتیان کردوون و هاوشێوەیان دەگمەنە. ئەو گۆزانەی کە تایبەتن بە هەڵگرتنی ئاو تەنها لە نشینگەکانی دینکە دەبیندرێن. کوپەی گەورەی کۆگاکردن تەنها تایبەتە بە شارە ئاوەدان و داهێنەرەکەی قەڵاتی دینکە، لە ڕووی قەبارە و شێوە و تەنانەت نەخش و نیگارەوە زۆر ناوازەن، هەرچەندە گەڕاین بۆ ئەوەی هاوشێوەیان بدۆزینەوە بەڵام ئەستەمە.

گڵێنەکانی نشینگەکانی دینکە بە باشی سورنەکراونەتەوە و زوو دووچاری هەڵوەرین ئەبن، لە کورەی کراوەدا سورکراونەتەوە بۆیە ڕەنگەکانیان سورباو و پرتەقاڵی باون و زۆربەیان لە کاتی دەستلێداندا هەست بە چینێک تۆز (Powdery) دەکرێت، بەم تایبەتمەندیە دەتواندرێت هاوشێوەکانیان لە گرد و پێگە شوێنەوارییەکانی دیکە بەباشی بناسرێتەوە.

## جۆر و شێوەی گڵێنەکان:

گڵێنەکانی نشینگەکانی دینکە لە ڕووی جۆر و شێوەوە هەمەچەشنن، بە پێی مەبەستی بەکارهێنانیان و زۆری خواست لەسەریان دروستکراون. نمونەی ئەو کەلوپەلانی لەم توێژینەوەدا بەکارهێندراون هەمووی لە چینی سەر زەوی (Suprafloor) یان لە چینی کەڵەکەبوو ( Priority Fill) کە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو چینە تەنکەیە کە، لەسەر زەویی ناو ژوورەکان یاخود حەوشەی خانووەکان کەوتوون و ڕاستەوخۆ لەلایەن دانیشتوانی ناو ئەو خانووانەوە بەکار هێندراون و پاشان بە جێهێڵدراون لە دوای ئەوەی کە، ئەم نشینگانە چۆڵکراون. بەشێک لەو کەلوپەکە گڵێنەییانە لە شوێنی خۆیاندا ورد و خاش بوون لەدوای ئەوەی کە بمیچی خانووکان ڕوخاونەتە ناو ژوورەکانەوە، لەناو یەکێک لە کوپە گەورەکانی ژووری (٣٥) لە بینای L شوێنەواری قوڕی بمیچی خانووەکەمان دۆزییەوە کە شێوەی دار و قامیشی بمیچەکەی وەرگرتبوو. بەشێکی تر لە دەفرە گڵێنەییەکان بە شێوەیەک ورد بوو بوون، کە ئەستەمە چاک بکرێنەوە یاخود هیچ نەبێ لێوارێکی تەواو (پرۆفایل)ێکی تەواویان لێ دروستبکرێتەوە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی زۆربەی ژوورەکان ئەگەر بەشێکی کەمیشی بێت بەر شاڵاوی تاڵانی ساڵانی نەوەدەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو کەوتووە و ڕەنگە بەشێکی دەفرە کان کە تەنها پارچەیان لێ ماوەتەوە تێکەڵ بووبێتن لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی کە ئێمە وەرمان نەگرتوون (ئەم جۆرە کۆمەڵانە بە هیچ شێوەیەک کاری تۆمارکردنیان بۆ نەکراوە). لە نشینگەکە ڕێژەی پاشماوەی کەلوپەلی گڵێنەیی ئێجگار زۆرە، بەڵام ئێمە تەنها چەند نمونەیەکمان لە هەر شێوە و جۆرێکی جیاواز وەرگرتووە، پاشان لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردوون.

گڵێنەکانمان لە ڕووی تایپۆلۆجییەوە دابەشکردووە بۆ دوو کۆمەڵە: گڵێنە دەم کراوەکان و گڵێنە دەم داخراوەکان، پاشان بەپێی شێوەکانیان ئەوانیشمان پۆلێن کردووە بۆ چەند جۆرێک، و بە کورتی باسیان دەکەین:

## کۆمەڵەی یەکەم:
## گڵێنە دەم کراوەکان Opened Shapes

ئەم کۆمەڵە هەموو ئەو دەفر و کەلوپەلە گڵێنەییانە دەگرێتەوە کە، ئاڕاستەی لێوارەکانیان بۆ دەرەوەیە و تیرەی لێوارەکانیان گەورەترە لە تیرەی لاشەکانیان، یاخوود ئەو قاپ و دەفرانەی کە هەرچەندە ئاراستەی لێوارەکانیان بۆ ناوەوەیە بەڵام تیرەکانیان گەورەن و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە تیرەی لێوار و لاشەکانیاندا نییە و بەئاسانی دەستی گڵێنەساز یان بەکارهێنەر لە ناویاندا جوڵەی کردووە، جگە لەوەی هەندێک شێوەی وەک سەرقاپ و ژێرمەنجەڵ و تەشت دەخزێنرێنە ناو هەمان کۆمەڵە.

### 1. قاپەکان Bowls

له باوترین جۆری گڵێنه دۆزراوەکانن، له شێوه و فۆرم و قەبارەدا جیاوازن. قاپەکان بەوه ناسراون که ڕووکاری ناوه و دەرەوەشیان سافکراوه Burnished لەبەرئەوەی تیرەی لێوارەکانیان ئەوەندەیه که به ئاسانی دەستی گڵێنەساز بجوڵێت له ڕووکاری ناوەوه تاکو بتوانێت ڕووەکەی سافبکات بەبێ هیچ کێشەیەک. هێڵ و شوێنەواری سافکردنەکه به گوێرەی بەشەکانی قاپەکه دەگۆڕێت، لێوارەکان و لای سەرەوەی شان به شێوەی ئاسۆیی سافکراون، له کاتێکدا بەشی خوارەوەی شان تا بنکه به شێوەی ستونی یان چەماوه سافکراون، ئەمەش بێگومان پەیوەندی به ئاسانی جوڵەی ئەو ئامێرەوه هەیه که گڵێنەساز له پرۆسەکەدا بەکاری هێناوه، به زۆری بۆ خواردن و خواردنەوه بەکارهێنراون. هاوشێوەی ئەم قاپانه له زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی باشوری کوردستان دۆزراونەتەوه. له خوارەوه قاپەکان به پێی شێوه و قەبارەیان پۆلێن دەکەین بۆ:

**1.1. قاپه شان دەرچووەکان Carination Bowls**
**2.1. قاپه شان دەرچووه دەسکدارەکان Handled Carination Bowls**
**3.1. قاپه نیوه گۆییه سادەکان Simple Hemispherical Bowls**
**4.1. قاپه نیوه گۆییه نەخشێنراو و لولەدارەکان Spouted and Decorated Hemispherical Bowls**
**5.1. قاپه دەم بۆ ناوەوه چووەکان Incurved Rim Bowls**
**5.1. قاپی بنکه سێپا Tripod- Footed Bowls**
**6.1. قاپی قوچەکی دەم کراوه Everted Conical Bowls**

### 2. مەنجەڵ Pots

ژمارەیەکی تا ڕادەیەک زۆر مەنجەڵ دۆزراوەتەوه، مەنجەڵەکان له ڕووی شێوه، فۆرم، قەباره و تەنانەت مەبەستی بەکارهێنانیشەوه جیاوازن. هەندێکیان ڕووی ناوەوه دەرەوەیان سافکراوه، هەندێکیان تەنها ڕووی دەرەوەیان سافکراوه، گەورەکانیان هەمیشه دوو دەسک یان چوار دەسکیان هەیه، دەمەکانیان هەموو کات بۆ ناوەوەیه. لێرەدا پۆلێنیان دەکەین بۆ چەند جۆرێک:

1.2. مەنجەڵی گەورەی دەسکداری نەخشدار Large Pot with Handles and incised decoration
2.2. مەنجەڵی قەباره مامناوەندی Medium Sized Pot
3.2. مەنجەڵی قەباره مامناوەندی دەسکداری نەخشدار Medium Size Handled Pot with incised horizontal lines
4.2. مەنجەڵی بچووکی دەسک ستونی شێوه چاویلکەیی Small Pot with vertical eyelet Handle
5.2. مەنجەڵی بچووک Small Pot

### 3. مەنجەڵی لێنان Cooking Pots

ئەو مەنجەڵانەن که تەنها بۆ لێنان بەکارهێنراون. دەمەکانیان بۆ ناوەوەیه، بەزۆری دەمەکانیان گۆشەیی ئەستورکراوه له ڕووکاری دەرەوه. قوڕەکانیان لەو جۆرانەن له ماددەی کلس (کوارتز؟) یان زۆره، بنکەکانیان خڕه، شێوەی لاشەکانیان به زۆری هێلکەییه و هیچ دەسک یان لولەیەکیان نییه، بڕێک جار به دەگمەن هێڵێک یەن دوو هێڵی بڕین Incised ئاسۆیی له خوار دەمەکانیانەوەیه. ئەم مەنجەڵانه به هەمیشه بێ ملن.

### 4. پاڵێوته Sieve

تەنها یەک دانەی لێ دۆزراوەتەوه. شێوەکەی نیوه گۆییه، لێوارەکەی بۆ دەرەوەیه و سادەیه، تیرەکەی تەنها 8 سم، بنکەکەی خڕی قۆقزه، ژمارەی کونیلەکانی 12 دانەیه.



(وێنەی ژ.٢): پاڵێوتەیەکی بچوک که له ژووری (٣٥) له بینای L دۆزراوەتەوه. (وێنەگرتنی: دەستەی گڵێنه له پرۆژەی دەشتی پشدەر)

### 5. ژێر مەنجەڵ Pot Stand

چەند دانەیەکی لێ دۆزراوەتەوه له هەرسێ بیناکەدا. زۆربەیان تەواون یان بەشێکی زۆر کەمیان لێ شکاوه، به زۆری له سەر زەوییەکان له شوێنی خۆیاندا دۆزراونەتەوه. ژێر مەنجەڵەکان جیاوازن له ڕووی شێوه و قەبارەوه، پۆلێنیان دەکەین بۆ دوو جۆر:

1.5. ژێر مەنجەڵی دەم و بنکه هاوشێوه یان بنکه شێوه ئەڵقەیی
2.5. ژێرمەنجەڵی بنکه تەخت Potstand with Flatten Base



(وێنەی ژ.٣): ژێرمەنجەڵێکی بنکه تەخت، که له ژووری (٣٥) له بینای L دۆزراوەتەوه. ( وێنەگرتنی یەنس ڕوده)

### 6. تەشت Basin

چەند نمونەیەکی کەمی لێ دۆزراوەتەوه. لێوارەکانیان ڕێک یان کەمێک ڕووه و دەرەوەن، شێوه و پێکهاتەیەکی سادەیان هەیه، شێوەی لاشەکانیان لولەییه و بنکەکانیان تەخته. هەمیشه به دەست دروستکراون.

### 7. سەرقاپ Lid

ژمارەیەکی زۆری لێ دۆزراوەتەوە، هەندێکیان تەواون و بەشێکیشیان شکاون. بە گشتی شێوەکانیان تەختە، قەبارەیان جیاوەزە ئەمەش بێگومان پەیوەندی بە قەبارەی ئەو دەفرانەوە هەیە کە بۆی دروستکراوە. سەرقاپەکان پۆلێن دەکەین بۆ دوو کۆمەڵە:

**1.7. سەرقاپە تەختەکان Flat Lids**

**2.7. سەقاپی رووچاڵ Concaved Lid**



(وێنەی ژ.٤): وێنەی یەکەم سەرقاپی بنکە ڕوچاڵ، وێنەی دووەم سەرقاپی بنکە تەختی دەسکدار (وێنە گرتنی: یەنس ڕودە و تاریق وێلس).

### 8. دەفری هارِین Pottery Mortar

زۆر دەگمەن، بۆ هارِینی سەوزە و گژوگیا بەکارهێنراون، ئەم جۆرە دەفرە بنکەکانیان وەک سێیا وایە، رووی ناوەوەیان لە کاتی دروستکردندا چەندین بەردی تیژی گەورەی کوارتزی سپی تێدا جێگیر کراوە.

### 9. ڕەحەتی Funnel

تەنها یەک نمونەی دۆزراوەتەوە، بەشی سەرەوەی لە شێوەی قاپ دایە، دەمەکەی ڕێکە، لە بنەوە تەسک دەبێتەوە تا لە کۆتاییدا شێوەی لولەیەک پشان دەدات کە لە کاتی توانەوەی کانزادا بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی کانزا تواوەکە بکەنە ناو دارِشتەکانەوە.

## کۆمەڵەی دووەم:
## شێوە لێوارداخراوەکان Closed Shape Vessels

ئەم کۆمەڵە هەمووو ئەو شێوانە دەگرێتەوە کە لێوارەکانیان بەوە ناسراون داخراون، دابەشیان دەکەین بۆ چەند جۆرێک.

### 10. کوپەی گەورەی کۆگاکردن Large Storage Jars/ Pithos

چەندین دانەی لێ دۆزراوەتەوە، بە تایبەتی لە ناو ژووری (٣٥) کە بە گەنجینەی کۆگاکردنی هەموو نشینگەکە دادەنرێت. قەبارەی ئەم کوپانە زۆر گەورەن، و تیرەی لاشەکانیان برِێک جار (١ م) دەبێت. ئەم جۆرە گۆزانە زۆر تایبەتن و هاوشێوەیان زۆر دەگمەن لە ناوچەکانی دیکەی سەردەمی ئاسن دۆزراونەتەوە، یان ئەگەر دۆزرابێتیشەوە بەباشی دۆکیومێنت نەکراون و بڵاونەکراونەتەوە لەبەر ئەوە بووە بە تایبەتمەندیی بۆ گڵێنەی دەشتی پشدەر، هەمیشە ڕازێنراونەتەوە بە پشتێنێکی ئەستور لەسەر شانەکانیان و چوار بۆ پێنج نەخشی شێوە بۆینباخی ستوونی لکێنراون بە پشتێنەکانەوە، هەندێک جار بە نەخشی بازنەیی مۆرکراو ڕازێنراونەتەوە. ئەم کوپانە بە پێی جۆری لێوارەکانیان پۆلێن دەکەین بۆ چەند جۆرێک:

**1.10. کوپەی گەورە: لێوار لاکێشەی نەخشدار Storage Jar with rectangular rim, applique decoration**

**2.10. کوپەی گەورە: لێوار سادە Large Jar with simple Rim**

### 11. گۆزەی گەورە Large Jars

ژمارەیەکیان لێ دۆزراوەتەوە. ئەم گۆزانە قەبارەیان گەورەیە، شێوەکانیان جیاوازە و جۆراوجۆرن. هەندێکیان ملدارن و هەندێک بێ ملن. زۆربەیان ڕازێنراونەتەوە بە نەخشی جۆراوجۆری ئەندازەی و ئاژەڵی کە لەسەر شانەکان یان خوار شانەکانەوە دروستکراون. ئەم گۆزانەمان بە پێی جۆری ملەکانیان پۆلێن کردووە، هەرچەندە هەوڵمان دا بە پێی جۆری لێوار یان لاشە پۆلێنیان بکەین بەڵام ئەستەم بوو لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: لێوارەکانیان هەمە چەشنەن ڕەنگە هەر گۆزەیەک لێوارەکەی جۆرێکی جیاواز بێت، دووەم: بە دەگمەن پڕۆفایلێکی تەواویان هەیە و قورسە شێوەکەی بە تەواوی بزانرێت، بەڵام تەنها سێ جۆر ملمان دەستنیشان کردووە بۆیە ئاسانە پۆلێنکردنیان

1.11. گۆزە گەورە مل ڕوچاڵەکان Large Jar with concave neck

2.11. گۆزە گەورە مل لولەییەکان Large Jar with Cylindrical Neck

3.11. گۆزە گەورە مل قوچەکییەکان Large Jar with Conical Neck

### 12. گۆزەی قەبارە مامناوەند Medium Sized Jar

ئەم جۆرە گۆزە قەبارەکانیان مامناوەندە، ژمارەیەکی زۆریان لێ دۆزراوەتەوە بەڵام هیچیان تەواو نین، بە ئاسانی دەگوازرێنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، بۆیە زۆرجار بە گۆزەی گواستنەوە (Transport Jars) ناودەبرێن. هەندێک لەو گۆزانە لە جۆرێک قوڕ دروستکراون کە، ڕێژەی ماددەی ئەندامی تێیاندا زۆرە، ئەم جۆرە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاو بەکارهێنراوە، لەبەر ئەوەی کونیلەی ماددە ئەندامییەکان تا رادەیەک گەورەن ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی بە ئاسانی برِێک لە ئاوەکە بە ناو ئەو کونیلانەدا بڕوات، ئەمەش وا دەکات گۆزەکە بە بەردەوامی بە شێداری بهێڵێتەوە کە دەبێتە هۆی پاراستنی فێنکی ئاوی ناو گۆزەکە، ئەم جۆرە گۆزە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ناو (حەوشەی ٩٤) لە بینای K لە نشینگەی خوارووی دینکە لە نزیک بیری ناو حەوشەکە هەبوون. بە گشتی گۆزە قەبارە مامناوەندەکان. شێوە و فۆرمەکانیان جیاوازن، هەندێکیان ڕازێنراونەتەوە بە هێڵی ئاسۆیی لەسەر لێوارەکانیان، هەندێکیان ئەستور کراون لە رووکاری دەرەوە یاخود نوشتێنراونەتەوە ڕووەو دەرەوە. بەشێکیان هێڵی دەرتۆقیو و پشتێن لەسەر شانەکانیان هەیە، یاخود گۆپکەی شێوە بازنەیی یان شێوە گۆیی بچوکی زیادکراو لە خوار هێڵە ئاسۆییەکانەوە.

### 13. گۆزەی بچووک Small Jars

ئەم جۆرە گۆزە قەبارەکانیان بچووکە، شێوە و فۆرەکانیان جیاوازن. تیرەی لێوارەکانیان ئەوەندەیە کە، وەستای گڵێنەساز توانیویەتی قوڕی زیادەی ناوەوە بە ئامێرێکی تیژ برِێت Planing تاکو دیواری گڵێنەکان یەکسان بن یاخود شوێنەواری ئەو لولانەی کە گڵێنەکانی پێ دروستکراوە نەهێڵرێن. هەندێک لە گۆزەکان ملدارن،


فۆرمی ملەکانیان جیاوازن، هەندێکیان بێ ملن. شێوەی لاشەکانیان زۆر جار هەرمێیە، بنکەکانیشیان بە زۆری خەپلەیین. هیچ گۆزەیەکی بچووک نەدۆزراوەتەوە کە دەسکی هەبێت. زۆربەی کات نەخشی هێڵی ئاسۆیی دەرتۆقیو Rib Band لەسەر شانەکانیان کێشراوە، هەندێک کات لە خوار ئەم هێڵانەوە خەپلەی بازنەیی Lug بچووک لە خوار ئەم هێڵانەوە زیادکراون. گۆزە بچووکەکان پۆلێن دەکەین بۆ ئەم جۆرانە:

**1.13. گۆزەی بچووکی مل کورتی روچاڵ لەگەڵ لێواری ستونی شێوە هێلکەیی**
**Small Jar with short Concave Neck and vertical oval Rim**

**2.13. گۆزەی بچووکی مل لولەی Small Jar with Cylindrical Neck**


**3.13. گۆزەی بچووکی مل قوچەکەی لەگەڵ هێڵی قولکراو لەسەر ترۆپکی لێوارەکەی**
**Small jar with Conical Neck and grooved line on top pf the Rim**

**4.13. گۆزەی بچووکی مل قوچەکی Small Jar with Conical**





**14. بۆتڵ Bottle**

ژمارەیەکی کەمیان لێ دۆزراوەتەوە. تیرەی دەمەکانیان. بەزۆری لە قورێکی خاوێن و بێ خەوش دروستکراون، شێوەی لێوارەکانیان بازنەیی سادەیە.




**15. کەمۆڵەکان Flasks**





تەنها 1 دانەی لێ دۆزراوەتەوە قەبارەی زۆر بچوکە، تیرەی لێوارەکەی (٤ سم)، لێوارەکەی سادەیە و دەسکێکی بچووک لەسەریەتی.

### 16. پەرداخ Beaker

تەنها یەک دانەی لێ دۆزراوەتەوە، لێوارەکەی کەمێک بۆ ناوەوەیە و هێڵێکی ئاسۆی بڕینی تێدا نەخشێنراوە، پەرداخەکە ملدارە و لەسەر شانەکانی دوو هێڵی بڕین هەیە، بنکەکەی تەختە. هاوشێوەی ئەم پەرداخە لە حەسەنلو دۆزراوەتەوە( Fig. 4:35 N)(Danti & Cifarelli, 2013, p. 220)

(هێلکاری ژ.١): نمونەی هەڵبژێردراو لە DLT2، (١) قاپی نیوە گۆیی لێوار ئەستورکراو لەناوەوە، (٢)قاپی نیوەگۆیی لێوار ڕێکی سادە، (٣)قاپی نیوەگۆیی لێوار بۆ ناوەوەی سادە، (٤)گۆزەی بچووکی نەخشدار بە هێڵی بڕاو، (٥) دەوری لێوارسادەی ڕێك،(٦)مەنجەڵی لینانی بچووک لێوار ئەستورکراو لەدەرەوە، (٧)قاپی نیوەگۆیی لێوار بۆ ناوەوەی لولەدار، (٨) قاپی شان دەرچوی کراوە. (ئامادەکردنی: تویژەر)





(هێلکاری ژ.٢): نمونەی هەڵبژێردراو لە DLT2،(١) گۆزەی گەورە، (٢) قاپی شان دەرچووی گەورە، (٣)مەنجەڵی لینان، (٤) مەنجەڵی گەورەی دەسکدار(٥) سەرقاپ. (ئامادەکردنی: تویژەر)

(هێلکاری ژ. ٣): نمونەی هەڵبژێردراو لە DLT2، (١) تەشتی دەم بۆ دەرەوە سادده، (٢) گۆزەی بچوک نەخشدار بە هێڵی بڕراو، (٣) مەنجەڵی لینان،(٤-٥) سەقاپ. (ئامادەکردنی: تویژەر)

(هێلکاری ژ.٤): ڕەحەتی. (ئامادەکردنی: تویژەر)

(هێلکاری ژ.٥): گۆزەی گەورەی نەخشدار بە سەری بەرانی کێوی. (ئامادەکردنی: تویژەر)

(هێلکاری ژ.٦): (١-٢) گۆزەی گەرەی کۆگاکردن ڕازێنراوە بە پشتێن و نەخشی شێوە بۆینباخی. (ئامادەکردنی: تویژەر).






## ئەنجام

**لە کۆتایی ئەم توێژیەوە گەشتینە چەند ئەنجامێک:**

1. کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی دینکا کە، شارێکی سەردەمی چاخی ئاسنە لە ساڵانی نێوان (١٢٠٠-٨٠٠ پ.ز.) ئاوەدان بووە لە پێش ئەوەی کە ئاشورییەکان لە سەدەی هەستەمی پ.ز. بێنە ناوچەکە و کۆنترۆڵی بکەن، بە پێچەوانەی بۆچونی هەندێک لە مێژوونوسە بیانییەکان کە پێیان وابووە ئەم ناوچە بەشێک بووە لە قەڵەمڕەوی ئاشوری نوێ.
2. سروشت و جوگرافیای دەوروبەری قەڵاتی دینکا و دەشتی پشدەر یارمەتی دەری سەرەکی بوون لەگەشەکردنی شارستانییەتی ناوچەکە و بەرە و پێشچوونی شارەکەدا. پیشەوەرەکانی سودیان لە مادده و کەرەستەی خاوی ناوچەکە وەرگرتووە بۆ دروستکردنی کەلوپەلە کانزاییەکان و دروستکردنی یەکەی بیناسازییەکان.
3. چیاکانی خۆرهەڵاتی دەشتی پشدەر چەندین دەربەند و ڕێڕەوی سروشتیان تێدایە کە هەردوو دیوەکەی زاگرۆس پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەم ڕێڕەوە سروشتیانە لە کۆنەوە بەکارهێنراوە لەلایەن دانیشتوان و سوپا سەربازییەکانەوە، ئەمەش هۆکار بووە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی کلتوری و فەرهەنگی لەنێوان گەلانی کۆنی زاگرۆسدا.
4. ئەوگڵەی کە، گڵێنەسازەکان بەکاریان هێناوە لە دروستکردنی کەلوپەلە گڵێنەییەکاندا لە گردۆڵکەکانی دەوروبەری نشینگەکەوە هێناویانە.
5. گڵێنەکان لە کارخانەکانی ناو نشینگەکەدا دروستکراون، بەشێکیان لە گردی بازاڕ و هەرلەوێشدا سورکراونەتەوە، بەشێکیشیان بە تایبەتی گۆزە و کوپە گەورەکان لە کارخانەیکی تایبەت بە دەفری گەورە دروستکراون و لە شوێنێکی کراوەدا سورکراونەتەوە.
6. دەفرە گەورەکان بە قوڕێکی دڕشت و زبر دروستکراون کە لەلایەن وەستای گڵێنەسازەوە مادەی کانزای زبر و دڕشتیان بۆ زیاد کراوە بەمەبەست، چونکە قەبارەیان گەورەیە و ئەو جۆرە قوڕە زیاتر بەرگەی مانەوە دەگرێت. لە کاتێکدا بۆ مەنجەڵی لێنان ماددەی کلسی و کوارتزیان زیاد کردووە کە وادەکات مەنجەڵەکە بە خێرایی گەرمی وەربگرێت و درەنگ سارد بێتەوە کە تایبەتمەندییەکی مەنجەڵی لێنانە.
7. گڵێنەکان لە پلەیەکی گەرمی کەمدا سورکراونەتەوە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی دوچاری هەڵوەرین و شکان دەبن.
8. کوپە گەورەکان و نەخش و نیگارەکانی سەر ڕووکارەکانیان بوون بە تایبەتمەندییەکی ناوچەی دەشتی پشدەر، تا ئێستا لە ناوچەکانی دیکە نەدۆزراوتەوە، یان لەوانەیە ئەنجامی ئەو هەڵکۆڵینانە بەباشی بڵاونەکرابێتنەوە.
9. هەبوونی گەنجینەی هەڵگرتنی دانەوێڵە، و ژووری پێشوازی یان ئۆفیسی بەڕێوەبردن گرنگی بیناکە دەردەخات و پێدەچێت وەک یەکەیەکی بەڕێوەبردن و دابەشکردنی خۆراک بەکارهێنرابێت.
10. دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر کورەی توادنەوەی کانزا بەڵگەی تەواوە لەسەر ئەوەی بیناکانی (M , K) وەک کارخانەی تواندنەوەی کانزا و دروستکردنی کەرەستەی کانزایی بەکارهێنراوە، جگەلەوەی چەندین داڕشتەی بەردین و کەرەستەی لەکانزا دروستکراو دۆزراونەتەوە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، 2007، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. دا، چاپخانەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی، سلێمانی.

ناصر، سەلەم محمود، 2016، دەرامەتە سروشتییەکان و ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی چالاکییە ئابوورییەکان لە قەزای پشدەر- لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای دەرامەتە سروشتییەکان، (ماستەر)، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


Alessio Palmisano و ،Sophie Pietsch .(2020) .The Trench in Square 181909, in Karen Radner, Florian Janoscha Kreppner, Andrea Squitieri," *The DSC 2019 Further Archaeological and Geophysical Work on Qalat-I Dinka and in the Lower Town",* Gladbeck, Vol. 5, PP. (78-84).

Aline Tenu .(2009) *L'expansion médio-assyrienne: approche archaéologique,* Oxford.

Andrea Squitieri. (2020) The Sasanian Cemetery of Gird-I Bazar in the Peshdar Plain (Iraqi Kurdistan) .*Iran* .18-1 ، doi:DOI: 10.1080/05786967.2020.1749008

Andrea Squitieri, Jean- Jacques Herr, Silvia Amicone .(2022) , Stone tools, techniques, and spaces for the pottery chaîne op´eratoire. The case of the pottery workshop of Gird-i Bazar (c. 1200 800–BC) in the Autonomous region of Kurdistan, Iraq .*Journal of Anthropological Archaeology*, PP. 1-18.

Danial Calderbank .(2018) *Mouling, Clay to model Sealand Society Pottery Production and Function at Tell Khaiber Southern Iraq* .Manchester: PHD, unpublished, Faculty of Humanities, University of Manchester.

Florian Janoscha Kreppner ،Karen Radner aand Andrea Squitieri (2021) The Iron Age in the Northern Zagros as seen from the Dinka Settlement Complex in the Peshdar Plain, in .:Tomás Dezsó, Gábor Kalla, *The Archaeological of the Raparin Rigion of Iraqi Kurdistan*, Budapest: Dean of the Faculty of Humanities, ELTE, PP.73-92.

Florian Janoscha Kreppnerand and Jens Rohde, (2023) *Exploring the History of the Peshdar Plain in the First Half of the First Millennium BC,* Unpublished.

Giovanni B Lanfranchi, (1995) Assyrian Geography and Noe-Assyrian Letters The Location of Ḫubuškia Againi in:

Karen Radner, Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri (2020),'' *The Dinka Settlement Complex 2019 Further Archaeological and Geophysical Work on Qalat-I Dinka and in the Lower Town''* Gladbeck, Vol.5.

Karen Radner ،Florian Janoscha Kreppner و ،Andrea Squitieri (2020), The Iron Age Dinka Settlement Complex in the Peshdar Plain Archaeological Exploration, 2015-2019 .*The international Conference on the Iron Age in the Western Iran and Neighbouring Regions 2, 2-3 Nov.*, PP.243-257.

Louis, L. D. (1973), Geographical Studies in the New-Assyrian Zagros: I. *Iran, 11*, 1-27.

Mario Liverani(2004) , Assyria in the Ninth Century: Continuity or Change, Grant Frame and Linda Wilding, *From the Upper Sea to the Lower Sea study on the History of Assyria & Babyloni,* NINO, PP.213-228.

Mark Altaweel and Anke Marsh (2016) , Landscape and Geological of the Bora Plain,in: Karen Radner ،Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri, ''*Exploring the Neo-Assyrian Frontier with Western Iran: the 2015 Season at Gird-i Bazar and Qalat-i Dinka,* Gladbeck, Vol.1, PP.23-28.

Mechael D Danti and Megan Cifarelli (2013) , *Hasanlu V: The Late Bronze and Iron I Periods*, University of Pennsylvania Museum of Archaeology and Anthropology Philadelphia.

Michelle Hegmon (1998), Technology Style and Social Practices: Archaeological Aproaches, in: Miriam T Strak, ''*The Archaeology and Social Boundaries''*, Smithsonian Institution Scholarly Press Washington and London, PP.264-279.

Peter V Bartl(2018) , The western part of gird-I Bazar and its modern occupation, in: Karen Radner, Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri, '' *The DSC 2017 The Final Season at Gird-I Bazar and First Work in the Lower Town'',* Galdbeck, Vol.3, PP.86-101.

Rahman Kagar and Ali Binandeh(2009) , A preliminary Report of Excavations at Rabat Tepe Northwestern Iran, *Iranica Antiqua ،XLIV*, PP.113-130.

Raren Radner, Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri (2016), *''Exploring the Neo-Assyrian Frontier with Western Iran: the 2015 Season at Gird-i Bazar and Qalat-i Dinka'',* Gladbeck, Vol.1.

Mario Liverrani, *Neo- Assyrian Geography*, Rome, PP.127-138.

Jana Richter and Hero Salih Ahmed, (2020) The trench in square 182908, in: Karen Radner ،Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri, '' *The DSC 2019 Further Archaeological and Geophysical Work on Qalat-I Dinka and in the Lower Town''*, Gladbeck, Vol.5, PP.64-69.

Jean- Jacques Herr and Louise König (2020) .The trench in square 182909, in: Karen Radner, Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri,'' *The DSC 2019 Further Archaeological and Geophysical Work on Qalat-I Dinka and in the Lower Town''* , Gladbeck, PP.69-78.

Jens Rohde .(2018) Outdoor Area 7, in: Karen Radner, Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri,'' *The Dinka Settlement Complex 2017 The Final Season at Gird-I Bazar and First Work in the Lower Town''* , Gladbeck, 70-73.

Jens Rohde and Laura Tretow (2020) The trench in square 181908 in: Karen Radner ،Florian Janoscha Kreppner, Andrea Squitieri, *''The DSC 2019 Further Archaeological and Geophysical Work on Qalat-I Dinka and in the Lower Town'',* Gladbeck, PP.52-64.

Jesper Eidem, (2018)Pakute- an Assyrian 'Ghost Castle' on the Rania Plain .*Ash-sharq, No.2, PP.30-42.*

Jessica Geraud(2016) , Surface Survey of the Dinka Settlement Complex 2013 and 2015, in: Karen Radner ،Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri '' *Exploring the Neo-Assyrian Frontier with Western Iran: the 2015 Season at Gird-i Bazar and Qalat-i Dinka''* Galdbeck, Vol.1, PP.29-36.

John MacGinnis, Tim Skuldbøl and Carlo Colantoni(2020) , On the eastern frontier of Assyria: a newly discovered text from the Rania Plain .*SAAB ،XXVI*, PP.89-112.

john Marriott and Karen Radner(2015) , Sustaining the Assyrian Army Among Friends and Enemies in BCE., *JCS, ،67* , PP.127-144.

Karen Radner (2015) , A New Assyrian Slave Sale Contract of 725 BC from Peshdar Plain and the Location of Palace Herald's Province .*De Gruyter, Zeitschrift für Assyriologie*, PP.192-197.

Sarmad Asi Ali(2017) , 39 Ma U-Pb zircon age for the Shaki-Rash gabbro in the Bulfat igneous complex, Kurdistan region, Iraqi Zagros suture zone: rifting of an intra-neotethys cenozoic arc .*Ofioliti,* (42) 2, PP.69-80.

Silvia Amicone(2018) , Petrographic analysis on the DLT2 pottery, in: Karen Radner, Florian Janoscha Kreppner and Andrea Squitieri, "*The DSC 2017 The Final Season at Gird-I Bazar and First Work in the Lower Town,* Gladbeck, Vol.3, PP.134-138.

Tomás Dezsö (2021) , The Rania Plain in the Neo-Assyrian Period A reconstruction of the military, Civilian and economic administration of the region within the framework of the Neo-Assyrian Empire (A preliminary study for a detailed survey), in: Tamás Dezső and Gábor Kalla, "*The Archaeology of the Raparin Region of Iraqi Kurdistan",* Budapest: Dean of the Faculty of Humanities, ELTE, PP.9-39.

Vaventine Roux (2019) , *Ceramics and Society: A Technological Approach to Archaeological Assemblages,* Springer Nature Switzerland AG.